# لابردنی دادوەر و سکەندالەکانی پرۆسەی دادگایی دۆزی ئەنفال

**شاخەوان شۆڕش**
2006.09.20

دادگای باڵای تاوانی ئێراقی، دادگایەکی ئێراقی و عارەبییە و دۆزی کارەساتی ئەنفالی خراوەتە بەردەست. بەمجۆرە ئەو گەلکوژییەی کە خەڵکی سەربە نەتەوەی چەوسێنەری عارەب دژی گەلی کوردی ژێردەست ئەنجامیان دا، ئێستا خراوەتە دەست ویژدانی خەڵکی سەر بە نەتەوەی باڵادەستی عارەب خۆیان. بەکورتی عارەب پاکتاو و گەلکوژیان کردین و ئێستاش هەر خۆیان دادوەرمانن. جگە لەو ناڕەوایەتیە زۆر گەورەیە کە بەرامبەر بە گەلی کورد کراوە، کەموکوڕیە هەمەجۆرەکانی دادگاکە درێژەیان هەیە. لەو وتارەدا هەوڵ دەدەم سەرنج بخەمەسەر کورد و دادگەکە، بێئاگایی شارەزایان لە لایەنێکی گرنگی پرۆسەکە، هەروەها کێشە و کەموکوڕیەکانی دادگاکە.

لە 19ی سێپتەمبەردا دادوەری عارەب عەبدوڵڵا عامری لەسەر لایەنگیری بۆ سەدامی دیکتاتۆر لادرا، ئەوەش سکەندالێکی دیکەی ئاشکرایە بۆ قورسایی و سەنگی ئەو دادگا ئێراقیە لاواز و پڕکێشەیە. دیارە ئەوە چارەی دەردی گەلی کورد ناکات، بەداخەوە. چونکە ناتوانرێ بێلایەنی عارەب و ئێراق بسەلمێندرێت. تەنها دادگایەکی نێونەتەوەیی بێلایەنی دوور لەدەستی ئێراق و عارەب دەکرا بۆ کارەساتەکانی گەلکوژی ئەنفال، پاکتاو و بەعارەبکردن ڕەوابێت.

سەرەتا خەڵکی ئاسایی بەگشتی هێندە گەیی لە پرۆسەی دادگاییەکە نەبوو، خەڵک بە دادگاییکردنی سەدام و تاوانباران ئەگەر لە دادگایەکی ئێراقی و عەرەبیشدا بێت، دڵخۆش بوون. دیارە ئێستا خەریکە هەست بەکەموکوڕیەکانی هەندێ لایەنی دادگاکە دەکەن و وردە وردە گەیی دەکەن. پشتگیری خەڵک بۆ پرۆسەی دادگاییەکە سادە و سروشتیانەیە، دیارە ئەگەر دادگاییەکە نێونەتەوەییش بایە، چاوەڕوانی کاردانەوەیەکی لەو شێوەیە لە خەڵک دەکرا. خەڵک بەگشتی زانیاری سەبارەت بە دادگا و واتاکانی جۆری دادگا یا زۆر کەمە یا هەر نییە. هەروەها تاوانبارکردنی سەدام و دارودەستەکەی بە گەلکوژی یا تاوان دژ بە مرۆڤایەتی لای ئەوان جیاوازیەکی ئەوتۆی نییە، لەبەرئەوەی ئەوان شتێکی ئەوتۆ لەمبارەیەوە نازانن. لای خەڵک گرنگە سەدام و تاوانباران لە تەلبەندی دادگا بە نابووتی ببینن و پاشان بە سزای ڕەوای خۆیان بگەن. ئەگەر سەدام و تاوانباران بەبێ دادگاش هەرزوو گوللەباران کرابان، بەئەگەری زۆر زۆرینەی ڕەهای خەڵک پێی دڵخۆش دەبوون. لای خەڵک گرنگە ئەوانە سزا بدرێن، ئەوەش ئاواتێکی زۆر ڕەوایە. ئەو هەڵوێستەی خەڵک، بەرامبەر بە دیکتاتۆران و گەلکوژان، کاردانەوەیەکی سادەی سروشتیانەیە.

دیارە ئەگەر ڕوونکردنەوەی پێویست لەسەر گرنگی گەلکوژی ئەنفال و گەورەیی و واتای ئەو کارەساتە بەرامبەر بە ناسیۆنی کورد وەکو نەتەوەیەکی خاک داگیرکراوی خاوەن مافی سەربەخۆیی بدرابایە خەڵک، هەروەها ئەگەر خەڵک لە هەڵوێستی گەلانی دیکەی گەلکوژکراو بەرامبەر بە نەتەوەی گەلکوژکەر ئاگادار کرابانەوە، ئەگەر خەڵک لە نرخ و بەهای نەتەوایەتی و سەروەری خۆیان هوشیار بکرابانەوە، ئەگەر سەبارەت بە پرسە چارەنووسسازەکان ئازاد بان، ئەوە بێگومان ئێستا خەڵک بوونی دادگایەکی عارەبی و ئێراقی پەسند نەدەکرد. بێگومان گەلی کورد وەکو گەلانی جوو و ئەرمەن یا هەر گەلێکی دیکەی خاوەن کەسایەتی لە نرخی خۆی دەگەیشت و نرخی خۆی کەم نەدەکردەوە، بەڵام دیارە خەڵک و پێداویستیەکانیان بەهەند هەڵنەگیراون، لەو پرۆسەیە بێئاگان و پرسیان پێنەکراوە و گوێیان لێنەگیراوە.
زۆرینەی ڕەهای خەڵکی کوردستان وەکو دانیشتوانی کۆمەڵگەیەکی جیهانی سێیەم لە زۆر بوار و لایەندا شارەزاییان زۆر کەمە یا هەر نییە، زانین و زانیاریە گشتیەکانیان زۆر کەم و هەژارن، لێکدانەوە و کەلتوری نەتەوەی داگیرکەری باڵادەست بەسەریاندا زاڵە، کۆنەپەرستی و ئاییناپارێزی توانای لێکدانەوەی گرێداون و سەدان سنوری بۆداناون، خاوەنی کەسایەتیەکی گونجاوی سەربەخۆ نین، کەوتوونەتە ژێر کاریگەری بەرژەوەندی تەسکی پارت و خێڵ و تووشی پارچەیی کراون. بۆیە ناکرێ هەروا ئاسان چاوەڕوانی هەڵوێستی گونجاو و ژیرانە بکەین لە کاتێکدا گەل گرفتار و گیرۆدەی ئەو کێشانە و زۆری دیکە بووە.

بەڵام کاتێ ئێلیتی دەسەڵاتدار و ڕامیارکاران ساویلکە بن و تێنەگەن یا کێشەی هەژاری زانینیان هەبێت، یا کەوتبنە ژێر کاریگەری کۆنەپەرستی و ئاییناپارێزی، یا کەوتبنە ژێر کاریگەری ڕەوتی بەرزەفڕی، یا کەوتبنە ژێرکاریگەری بەرژەوەندی تەسکی تایبەت و ناڕاشیونالانە و بەجۆرێ لەپێناویدا سڵ لە کاری چەوت و خراپ نەکەنەوە هتد. ئەوە کارەساتێکی گەورەیە، کە بێگومان دواجار گەل باجەکەی دەدات. بوونی دادگایەکی ئێراقی و عارەبی بۆ گەلکوژی و پاکتاوی گەلی کورد تەنها نمونەیەکە.

دادگای تایبەتی ئێراقی یا دادگای باڵای تاوانەکان، هەر لەگەڵ دامەزراندنیەوە ڕەخنەی زۆری لە لایەنی توانا، ڕەوایەتی یاسایی، نەبوونی ئەزموون و نەبوونی بێلایەنی لێگیراوە. دیارە زۆربەی ئەو ڕەخنانەی شارەزایانی جیهان لە ڕوانگەی یاساییەوە یا لەڕوانگەی ستانداردی یاسایی نێونەتەوەییەوە بووە. بەداخەوە شارەزایان زۆر سەرنجیان نەداوەتە ئەوەی، داخوا ئەو دادگا ئێراقییە کە عارەب زاڵن بەسەریدا چەندە بۆ نەتەوەیەکی ژێردەستەی گینۆسایدکراوی وەکو کورد ڕەوایە. هۆکارێکی گرنگ لەو هۆکارانەی وایکردووە، ئەوان زۆر خۆیان لەو لایەنە نەدەن، هەڵوێستی دەسەڵاتی کوردی بووە. دەسەڵاتی کوردی بێئەوەی تێگەیشتنی تەواوی بۆ ئەو بابەتە گرنگە هەبێت، هەمیشە پشتگیریەکی دڵسۆزانە و بێگلەیی خۆی بۆ ئەو دادگا ئێراقیە پیشان داوە. دیارە ئەوان لەپێناو پرۆسەیەکی ڕامیاریدا کە لەچوارچێوەیدا بەرژەوەندی ئەوان لەبەرچاو دەگیرا، گرنگیان بەو دادگایە نەدا، یا هەر تێنەگەیشتن و هەستیان بە گرنگیی نەکرد، دەست لەسەر سینگ بۆ هەنگاوەکانی ئەمەریکا وەستان. ئەوە هەوڵێکی دیکەی بەرزکردنەوەی بانگاشەی برایەتی و یەکسانی گەلانی ئێراق بەسەر فاکتەر و ڕاستیە مێژووییەکاندا بوو. ئەو هەنگاوە ڕەنگاوی و ڕامیاریە سەری لەگەڵێ شارەزای جیهانی شێواند یا وایکرد ئەو شارەزایانە خۆیان بە ئەگەری بوونی کێشەی مافی کوردان لە دادگایەکی عارەبی و ئێراقیدا هێندە خەریک نەکەن. هەرچۆنی بێت، ئەوان لە لایەنێکی گرنگی پرۆسەیەکی ئەوها هەستیاردا وریا نەبوون یا دەکرێ بگوترێ بەلاڕیدا بردران.

دادگای باڵای تاوانەکان لەگەڵ ڕۆیشتنی کاتدا و لەگەڵ زیادبوونی دانیشتنەکاندا، کێشەکانی زیاتر و زیاتر دەکەونەڕوو، ناڕەوایەتیەکانی بەرامبەر بە نەتەوەی قوربانی کورد زیاتر دەکەونەڕوو، بەشێوەیەک کە سنوری دادپەروەری و یاسایی دادگا دەبەزێندرێت و دادگاکە ناوە ناوە سکەنداڵ تۆمار دەکات. لەهەمان کاتدا دەسەڵاتی کوردی خۆیشی بەشداری بەردەوامی چەوتیەکان دەکات. دەسەڵاتی کوردی جگەلەوەی کارەساتی گەلی کوردی داوەتە دەست نەتەوەی سەردەستی دوێنێ گینۆسایدکەر، دووپاتی بەرزڕاگرتنی بەرژەوەندی پارت بەسەر گەل و بەرژەوەندیەکانی گەل دەکاتەوە. بۆیە لێرەدا کێشەی گەلی کوردی قوربانی تەنها ئەوە نییە چارەنوسی کارەساتەکانی دراوەتە دەست نەتەوەی چەوسێنەری عارەب، بەڵکو ئێستا سەیر دەکات، دەسەڵاتی کوردی جگەلەوەی بەئەرکی نیشتیمانی خۆی هەڵنەستاوە، لە پێناو بەرژەوەندی ڕامیاری خۆی ڕاستیەکان دەشێوێنێت و دەشارێتەوە، پارتی دەسەڵاتدار لای گرنگە لەو ڕێگایەوە قارەمانیەتی خۆی بانگاشە بکات، ئەگەرچی ئەوە دەکرێ بەزیان بۆ ئەگەری بەگینۆسایدناسینی تاوانی ئەنفال بشکێتەوە.

دادگاکە لە دانیشتنەکانی 11 تا 19ی مانگی سێپتەمبەردا، جگەلە کەموکوڕیەکان و زیادبوونی کێشەکانی پێشووی لە بوارەکانی بێتوانایی، بێئەزموونی و بەڕێوەبردنەوە، ئەو جارەیان لایەنگیری دادوەر و کەشی دوژمندارانەی ناو دادگا زۆر بە زەقی دیار بوون.

هەندێ لە کێشە دیارەکانی دادگا ئەوانەن:

یەکەم: دادگا کێشەی تەکنیکی و بەڕێوەبردنی بەزەقی پێوەدیارە، گەلێ کێشەی ئامادەکاری هاتوونەتە ناو هۆڵی دادگا و کاتێکی زۆری دادگاییەکەی بۆخۆیان دەبەن. کێشەی دەکومێنتەکان کە لای هەندێ هەن لای ئەوانی دیکە نین، پرسیاری ڕەشکردنەوە لە دەکومێنتەکاندا، چۆن و لە کوێ وەرگێڕان کراوە، پارێزەر ناوی چییە هتد. ئەو کێشانە دەبێ پێشی دادگاییەکە و لەدەرەوەی هۆڵی دادگا بڕێندرێنەوە.

دووەم: بڵاوکردنەوەی ڕووداوەکانی ناو دادگاییەکە ڕاستەوخۆ نییە، پێشتر فلیمەکە دەگیرێت، پاشان سەیری دەکرێت، کەنترۆڵ دەکرێت، کلیپ دەکرێت و دەنگ لەهەندێ شوێن ناهێڵدرێت، پاشان بڵاودەکرێتەوە.

سێیەم: زمان کێشەیەکی بەردەوامی دادگاییەکەیە. وەرگێڕانەکان لە ئاستی پێویستدا نین و هەموو ئەو گوتنانەی سکاڵاکەران بە گونجاوی وەکوخۆی وەرناگێردرێن. سکاڵاکەرەکان کە دیتەری کارەساتەکانن زمانی عارەبی بەخراپی دەزانن یا هەر نازانن و نازانن لە دادگا چی دەگوترێت، بۆیە مافیان پێشێلکراوە. لەبەر وەرگێڕانی گێڕانەوەکان، سکاڵاکەران ناتوانن وەکو پێویست سەرنج بدەنە گێڕانەوەی ڕووداوەکان، هەندێجار کاکی دادوەر دەیانوەستێنێ و دەڵێ ئەوە دووبارەیە. تێکنەگەیشتن لە نێوان دیتەر و وەرگێڕ، وەرگێڕ و دادوەر، بەرگریکەران و دیتەران هتد. هەیە. دادوەر لە زمانی کوردی ناگات و کێشەی لە تێگەیشتنی وشە و ناوی کوردی هەیە.

چوارەم: پارێزەرە کوردە عارەبزمانەکان لەوەڵامی یا پرۆتستۆی گوتەی ڕامیاری، پرسیارە نایاسایی و ناڕەواکانی پارێزەرانی سەدام، سستن و کەمجار بەوەرام دێن. پێویستە بە دادوەر و بەرگریکەرانی پیشان بدەن، کە ئەوان کەنترۆڵیان هەیە و لەتوانادا هیچیان لەو عارەبانە کەمتر نییە. عارەب بەسەر کەشی دادگایەکەدا زاڵن، پارێزەرە کوردەکان کزن و زیاد لەپێویست بەڕێزن.

پێنجەم: کەشیکی هێرشبەرانەی دوژمندارانە کە هێمای بۆ کێشەی نەتەوایەتی نێوان کورد و عارەب، نێوان ڕژێمی ڕووخاو و براوەکانی شەڕی ئێراق دەکرد، بەسەر دادگاکەدا زاڵە. کاکی دادوەریش لەو ناوەدا بێهەڵوێست نەبوو و وردە وردە دایەپاڵ لایەنی تاوانباران و سەدام. بەکورتی پرۆسەی دادگاییەکە هێما بۆ دادگایەکی بێسەروبەر و بێتوانا دەکا و لەهەندێ باردا بێلایەنی لە ناو هۆڵی دادگادا واتایەکی نەدەما.

شەشەم: پارێزەرانی سەدام، بەردەوام هەوڵی شێواندنی ڕاستی تاوانکاریەکان دەدەن، دیارە ئەوان بۆ ئەو کارە بەکرێگیراون و دەکرێ لە چوارچێوەیەکی یاساییدا پرۆفیشناڵانە ئەو هەوڵە بدەن، بەڵام ئەوان هێندە ئاست نزمن، زۆر ناشیرنانە و دوور لە ڕەوشتی یاسایی، بەردەوامن لە پرسیاری نابەجێی نایاسایی و بەکارهێنانی چەمکی سوک و ناشیرن یا ڕامیاری. سەیر لەوەدایە ئەوانە نازانن، لە چوارچێوەی بابەتدا پرسیار بکەن و گەلێجار بەدڵی خۆیان ئەنجامێک بۆ وەڵامی سکاڵاکار دەسەپێنن، بەبێ بوونی هیچ بەڵگەیەک. دادوەریش گەلێجار ئەوانەی بەسەردا ڕەت دەبێت. ئەو پارێزەرانە، زۆر لە دۆڕاوی پێشکات دەچن، لە جیاتی ئەوەی جەخت لەسەر کرۆکی بابەت بکەنەوە، خۆیان بە پرسیاری ئەملاو ئەولا خەریک دەکەن. بێگومان ئەو ناشارەزایی و ئاست نزمیەی ئەوان لە قازانجی گەلی قوربانی کورد دایە. جگەلەوەی وەکو بڵێی ئەوان لە بەرامبەر بە گەورەیی تاوانەکان و فاکتەرەکان، بێدەسەڵاتیان گەیشتۆتە ئاستێک ئیتر بێزاربووین، کات دەکوژن و پەنا بۆ خەوتنیش دەبەن. لە 19ی مانگدا، یەکێکیان خەوی لێکەوتبوو!

حەفتەم: سکاڵاکەران و هەڵبژاردنیان. بەپێی ئەو هەواڵانەی هەن، دادوەر خۆی ئەو خەڵکە هەڵدەبژێرێت. دیارە دادوەر ئەوە هەڵدەبژێرێت کە بەدڵیەتی، ئەوەش دەکەوێتەسەر ئەوەی، دادوەر چۆن لە دۆسیەکە دەگات و چی لای ئەو گونجاوە؟ ئەو چی بەباش دەزانێت؟ وەکو دەرکەوت دادوەر بەلای سەدامدا لاربوو و لە هەڵوێستی ڕامیاریدا بێلایەن نەبوو، بۆیە هەڵبژاردنی سکاڵاکەران لە لایەن کەسێکی ئەوها زۆرخراپە، چونکە دادوەر جێگای بڕوا نییە. دادوەر دەتوانێ ئەو بوارە بۆ مەبەستی تایبەتی خۆی بەکاربهێنێت. شایانی گوتنە ئەگەر هەڵبژاردنی دیتەران یا سکاڵاکەران بە تیروپشک بێت، ئەوە شتێکی ترە و دەکرێ ڕەخنەی تر بگیرێن. دیارە سکاڵاکەران هەندێکیان باشترین کەس نین بۆ گەواهیدان، بەتایبەتی کە کەسەکە کەسی یەکەمی ناو ڕووداوەکە نەبێت، یا ئەو کەسە سڤیل نەبێت و لایەنی بەشداری جەنگ بێت. سکاڵاکەرێک کە خۆی لەناو ڕوداوەکاندا نەبووە، گۆتنەکانی ناو سکاڵاکەی وەکو بەڵگە و فاکت قورساییەکی ئەوتۆی بە ئەگەری زۆر نابێت.

هەشتەم: سکاڵاکەری پێشمەرگە و سوود و زیانەکانی. پێشمەرگە لایەنێکی بەشداری جەنگە و گەواهیدان لەلایەن پێشمەرگە تەنها لە ڕوانگەی هەوڵی سەلماندنی بەکارهێنانی ژار و چەکی کیمیاوی دەتوانێ سوودی هەبێت. سوودەکەش ئەوەیە سەدام و دارودەستەکەی بە تاوانبار لە تاوانی جەنگ تاوانبار دەکرێن. دیارە بەبێ بوونی سکاڵاکەری پێشمەرگەش دەکرا بەکارهێنانی چەکی کیمیاوی بسەلمێندرێت. سکاڵاکەری وەکو پێشمەرگە پشتگیری سەلماندنی بوونی شەڕ لە نێوان سوپای ئێراق و هێزی پێشمەرگەدا دەکات و دەکرێ بە زیان بۆ کورد بگەڕێتەوە. پارێزەرانی سەدام هەوڵ دەدەن، هێرشی سوپای ئێراق بۆ سەر کوردستان لەو ڕوانگەیەوە ڕەوا بکەن، بۆیە ئەوان ئەوە بۆخۆیان وەکو بەڵگە بۆ سەلماندنی بوونی شەڕ دژی نەیارانی وڵات بەکاردەهێنن. لەو بارەدا بانگاشەی بوونی گەلکوژی زیانی پێدەگات و

تاوانی گەلکوژی کێشەی سەلماندنی بۆ دروست دەبێت. لە ئەنجامدا مەترسی دەکرێ سەدام و دارودەستەکەی بە تاوانی دژ بە مرۆڤایەتی و تاوانی جەنگ تاوانبار بکرێن بەلام بە تاوانی گەلکوژی تاوانبار نەکرێن، دیارە لەو بارەشدا سزای کوشتنیان هەر بۆ دەبڕدرێتەوە، بەلام ئەوە کەمترە لەوەی تاوانی ئەنفال شایانیەتی. ئەگەر ئەوان بە تاوانی گەلکوژی تاوانبار نەکرێن، ئەوە کارەساتێکی گەورەیە بۆ کورد و براوەش سەدام و نەتەوەی بالادەستی عەرەب دەبن. بەداخەوە لە چەندین دانیشتندا، کارەساتی ئەنفال بچوککراوەتەوە بۆ شەڕی نێوان ڕژێم و پێشمەرگە لە چەند گوندێکی سنورداردا، ئەوەش خراپە.
پاشان پێشمەرگەی سکالاکەر دەبێ ئەوە بزانێ، پێداهەلدانی خۆی و خەباتەکەی، جگەلەوەی تەنها ڕۆلی ریکلامە دەبینێت، زیاتر بوونی شەڕ لە نێوان خۆی و سوپای ئێراقدا دەسەلمێنێت و بەمجۆرە جۆرە ڕەوایەتیەک دەداتە بوونی هێرشی سوپای ئێراقی، ئەوەش بۆ هەولی سەلماندنی گەلکوژی یارمەتیدەر نییە و زیانی هەیە.

نۆیەم: شاردنەوەی تاوانی جاشەکان و خۆپاراستن لە ناوهێنانی جاشەکان لە گەلکوژی ئەنفالدا. ئەگەر سەیری ئەو جاوپێکەوتنانەی کە لەگەل قوربانیانی ئەنفال کراون بکەین، سەیردەکەین لە زۆربەیاندا ئاماژە بە بوونی بەشداریی خەستی جاشەکان لە تاوانی گەلکوژی ئەنفالدا دەکرێت. جاشەکان وەکو داردەستی سوپا و ڕژێم لە قۆناغی یەکەمی پرۆسەی گرتن و تالانەکاندا بەکارهاتوون. لە زۆربەی شوێنەکاندا جاش پێشی سوپا کەوتوون گوندیان تالانکردووە و یارمەتی سوپایان لە گرتنی گوندنشینەکاندا داوە.
ئێستا سکالاکەران وەکو بلێی وا ئارستەکراون و پێیانگوتراوە کە ناوی جاش نەهێنن، (من ئەو تێبینیەم لادروست بووە، دەکرێ هەلەبم)، یا کە ناویان دێت دەنگ دەپچڕێت. بەگوتنی ئەوانەی تا ئێستا سکالایان داوە، جاش ڕۆلێکی ئەوتۆی نەبووە و واپێدەچی زۆر کەم لە تاوانەکەدا بەشدار بووین. ئەوەش ناتەبایە لەگەل ئەوەی کە لە چاوپێکەوتنەکاندا سالانی پێشتر ئەنجام دراون. دیارە ئەوە تاڕادەیەکی زۆر شاردنەوەی ڕاستیەکی مێژووییە، کە هەول دەدات کەلێنێک بخاتە دەرئەنجامی چیرۆکی کارەساتی ئەنفال. ئەگەر ئەو هەولە لەلایەن پارتی دەسەلاتدارەوە بێت، دەکرێ دوو لێکدانەوەی بۆ بکرێت، یەکەم: پاراستنی جاشەکان لە دادگاییکردن و سزادان، چونکە ئەو جاشانە ئێستا لەگەل خۆیانن، بۆیە لەبەرژەوەندیاندا نییە ئەو جاشانە زیانیان پێبگات. دووەم: دەکرێ دەسەلاتی کوردی و یاساناسانی سەر بە دەسەلات وای بۆبچن کە ئەگەر ناوی جاش بهێندرێت و بسەلمێندرێت جاش لە هێرشەکاندا بەشدار بووین، ئەوا زیان بە بوونی تاوانی گینۆساید دەگەیەنێت، بەو بەلگەیەی کە ئەوانیش کوردن و خۆیان کوردیان کوشتووە، یا ئەندامانی سوپای ئێراقی هەر عەرەب نەبوون، بەلکو کوردیشیان لەگەل بووە، کەواتە ڕژێم دژی کورد وەکو نەتەوە نەبووە، بەلکو دژی کوردە شەڕکەرەکانی دژ بە ستات بووە. دیارە سەلماندنی نەبوونی جاش لە هێرشەکانی ئەنفالدا زۆر سەختە، چونکە ئەوە لە بەلگەنامەکاندا دەیان و سەدانجار دووبارە کراوەتەوە. گومان لەوەدا نییە ئەگەر جاش هەر نەبوونایە زۆر باشتر بوو و دەکرا ئاسانتر تاوانی گەلکوژی بسەلمێندرێت، هەروەها بوونی جاشی کورد مۆری ناپاکی لە بەشێکی خەلکی کوردستان دەدات و ئاماژە بە نایەکگرتوویی کورد دەکات. بەلام ئەوە ڕاستیەکی مێژووییە و دەبێ دان بە بوونی دابنێین، خۆگێلکردن لەو ڕاستیە زیانی هەیە نەک قازانج.
پێویستە بگوترێت بوونی جاشی کورد لە هێرشەکانی ئەنفالدا بوونی تاوانی گەلکوژی لاواز ناکات، چونکە ئەوانە و بوونیان لە لایەن شارەزایان و جیهانەوە چیتر شاراوە نییە، ئەوانە بەشێکی هێزەکانی ڕژێمی ئێراق بوون و وەکو هێزێکی ڕژێمی ئێراقی لە تاوانەکەدا بەشدار بوون، هەروەها ئەوانە هێزی سەرەکی نەبوون و داردەستی سوپا و هێزە تایبەتەکانی ڕژێم بوون، ئەوانە لە تەواوی پرۆسە گەلکوژیەکەدا نە خاوەن بڕیار بوون، نە دەسەلاتیان لە ئاست سوپا و هێزە تایبەتەکاندا هەبووە، هەمیشەش لەژێر فەرمان و دەستی سوپا و هێزە تایبەتیەکاندا بوون.
ئاشکرایە ڕێکخراوی جیهانی مافەکانی مرۆڤ و دادگای های لە هۆلاند هێرشەکانی ئەنفالیان بە تاوانی گەلکوژی دانا، لەگەل ئەوەی ڕاستی بوونی جاشەکان لە هێرشەکاندا لای ئەوان زۆر بە چاکی ڕوون بوو. ئەوە بەلگەی ئەوەیە کە بوونی جاشی کورد و ڕۆلی داردەستیان، ناتوانێ بوونی تاوانی گەلکوژی لە هێرشەکانی ئەنفالدا ڕەتکاتەوە.

دەیەم: دادوەر عەبدوللا عامری و گومانی لایەنگیری. دیارە دادوەر لەسەر لایەنگیریەکەی لادرا، بەلام پێویستە لێرەدا لایەنگیریەکەی سەبارەت بە هەندێ بار و بوار دەستی لەسەر دابندرێت. عەبدوللا عامری گومانی خستەسەر بێلایەنی خۆی و هەروەها لایەنگیری خۆی لە هەلوێستی ڕامیاریدا خستەڕوو. عەبدوللا عامری ڕێگای دەدایە سەدام و تاوانبارانی دیکە سنوری پرسیاری ڕێگاپێدراو ببەزێنن و دادگاکە بۆ مەبەستی خۆیان بەکاربهێنن. سەدام لەماوەی دانیشتنەکاندا چەندینجار ئەو دەرفەتەی قۆستۆتەوە و پەیامی ڕامیاری خۆی بە لایەنگرانی دەگەیەنێت. لەگەل ئەوەی مەبەستی سەدام

ڕوونه، کەچی دادوەر ڕێگای ئەوی دەدا. دادوەر نێوانی لەگەڵ سەدامدا وادیاربوو زۆرخۆش بوو و ڕێزی زۆری ئەو دیکتاتۆرە ڕووخاوەی دەگرت. لەبەرامبەردا سنوری توندی بۆ سکاڵاکەرە کوردەکان دانابوو و لە وەڵامی پرسیار زیاتر ڕێگایانی نەدەدا هەستی خۆیان دەربڕن.
دادوەر لایەنگیری خۆی بۆ سەدام و ئێراقی یەکگرتوو و بۆچوونی عارەبیانە پیشاندا کە هەڵوێستی لە هەڕەشەکەی سەدام دژی کوردان کە گوتی "سەرتان پان دەکەینەوە"، وەرنەگرت. ڕۆژی دواتر بە سەدامی گوت، "تۆ دیکتاتۆر نی، تۆ دیکتاتۆر نەبوویت". لەگەڵ ئەوەی سەدام ڕۆژی پێشتر هەرەشەی کوشتنی لە کوردان کردبوو، هەروەها بوونی دادگایەکە و گیرانی سەدام و دارودەستەکەی خۆی لەخۆیدا لەبەر دیکتاتۆربوونی سەدام و ڕژێمێکی گەلکوژ بووە. هەروەها سەبارەت بە دابەشبوون یا نەبوونی ئێراق، کە سەدام گوتی، "ئێراق دابەش ناکرێت، تەمەنی ئێراق بیست ساڵ و سێسەدساڵ نییە، بەڵکو تەمەنی نۆ هەزار ساڵە". دادوەر لە وەڵامدا گوتی، "ئێراق دابەش نابێت". لێرەشدا لایەنگیری خۆی دەرخست. ئێراق دابەش دەبێت یا نابێت، کاری دادوەر نییە و ئەو نابێت بەهیچ شێوەیەک خۆی تێکەڵی هیچ لایەک و ئاراستەیەک بکات. هەمان نمونە لەسەر ئاڵا دووبارە بۆوە، کە گوتی، "کەس دەست لە ئاڵای ئێراق نادات".
مەترسیدارترین ئاماژەی ئەوەبوو کە گوتی، "کێ دەڵێ ئەنفال گەلکوژییە". لێرەدا جۆرە ڕەتکردنەوەیەکی بوونی تاوانی گەلکوژی سەبارەت بە هێرشەکانی ئەنفال خرایەڕوو. دیارە دادوەر بەهیچ شێوەیەک نابێ بەر لە ئەنجامی کۆتایی گۆتنی وا بکات. ئەوانە هەمووی زەنگی مەترسین و بەڵگەبوون بۆ لایەنگیری دادوەری عارەب عەبدوڵلا عامری.
دیارە پێی هەندێ هەواڵ، ئەو دادوەرە، پەیوەندی بە پارێزەرانی سەدامەوە هەبووە، هەروەها کۆنە بەعسییە، ئەو گۆتانە چەندی ڕاستن، دیار و ڕوون نییە. بەئەگەری زۆر دادوەرانی سەردەمی سەدام هەمووی دەبوایە بەعسی بن. ڕەنگە لە کوردستانی سەردەمی ژێردەستەیی بەعس زۆر ئەوها نەبووبێ، بەڵام بەئەگەری زۆر ئەوە لە شارە عارەبییەکاندا وابووە. چۆن دەکرێ بڕوا بە دادوەرێک بکرێت کە لەسەردەمی بەعسدا دادوەر بووە؟ گومانی زۆر لە پاکی و بێلایەنی دادوەرەکانی ئەو سەردەمەدا هەیە. ناکرێ هەروا ئاسان بڕوا بە پارێزەران و دادوەرانی سەردەمی بەعس بکرێت. ئەوە جگەلەوەی بێلایەنی دادوەری عارەب بەرامبەر بە دۆزی کوردان زۆر سەختە بسەلمێندرێت.
کە دادوەر عەبدوڵلا عامری دیسان لە 18ی سێپتەمبەر دەرکەوتەوە و لەسەر ئەو لادانانە و لایەنگیریەی لانەبردرابوو، ڕەشبینییەکی زۆری لای گەلێ کەس دروستکرد، بەڵام وادیارە گوشاری زۆری هەندێ لایەن، وایکرد بڕیاری لادانی بدرێت و لە ئێوارەی 19ی مانگ جێبەجێ بکرێت.

شایانی بیرخستنەوەیە، ئەگەر ئەو بڕیارە بڕیاری حکومەتی ئێراق بێت، وەکو لە هەواڵەکاندا گوترا، ئەوە ئاماژە بە دەسەڵاتی حکومەتیی ئێراق بەسەر دادگاکە و ناسەربەخۆیی ڕاکشاوی دادگا دەکات. لادانی دادوەرێکی لایەنگیر ئەگەر لەلایەن دادگا خۆشیەوە بێت، ئاماژە بە هەوڵی ڕێکخستنەوەی شەپرێوی دادگا دەکات، ئەوە بەلایەنی کەم کەمترین کارە کە پێویستە بکرێت. بەڵام دادگاکە کێشەی دیکەی وەکو لاوازی، بێئەزموونی، بێتوانایی بەشێوەیەکی گشتی، کێشەی تەکنیکی، کێشەی بەڕێوەبردن و لاوازی بەڕێوەبردن بەردەوام هەن و درێژەیان هەیە.